# جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ

# پێویستی بەهاتنەمەیدانی هێزو ئیرادەی خەڵکی کوردستانە!



نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk

هاتنەمەیدانی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان و سەرجەم کۆمەڵگا، یەك مەسەلەیەی گەورەو بڕیاردەرە، مەسەلەیەکە نەدووره دەستەو نەخەیاڵ، تەنیا گەرانەوە بۆ دەورەیەکی کورتی دەورەی 16 ساڵی ڕابردوو، خەڵکی کوردستان ئەم هاتنە مەیدانەو هێزی خۆی نیشانداوە، چ لەئازاری ساڵی 1991 کە خەڵکی کوردستان توانی هێزەکانی هارترین و دیکتاتۆرترین رژێمی ئەم سەردەمە کەرژێمی بەعس بوو هەڵپێچێ و دەست بۆ مەسەلەی دەسەلات و بەرێوەبردنی کۆمەڵگا بەرێت لەڕێگای دەسەلاتداریانەوە لەشوراکان دا، هەروەها لەچەند ساڵی ڕابردودا هاتنەمەیدانیان بەدژی ئیسلامی سیاسی، وە نیشاندانی هێزیان بەنارەزایەتی و خۆپیشاندان بۆ خواستەکانی ئاوو کارەبا و سوتەمەنی و موچە و دژی شەڕی ناوخۆو بەدژی گەندەڵی، وە داسەپاندنی زۆرێك لەخواست و داواکاریەکانیان بەسەر ئەحزابی کوردی دەسەلاتداردا.

باسەکانی جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆش، لەگەڵ هێزو ئیرادەی خەڵکی کوردستان و هاتنە مەیدان، پەیوەندیەکی توند بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، وە مەسەلەیەکی چارەنوسازە بۆ ئایندەی کۆمەڵگا، وە هەردووکیان تەموو مژو چەواشەکاری و تەوەهومێکی زۆری لەسەر دورستکراوە لەلایەن ناسیونالیزی کوردو بزوتنەوەکەیانەوە، تا بەمەسەلەی جیابونەوەی کوردستان دەگەرێتەوە ئەم دەورەیەی پێشوو کەم تازۆرێك باسی لەسەر کراوە، وە زەرورەت و لایەنە جۆراوجۆرەکانی تا حەدێك خراوەتە بەرباس، بەلام ئەوەی تا ئێستا لەژێر کاریگەری و تەمومژو و شێواندن و پاشەکشەدایە، ئەویش خەڵکی کوردستان و هێزو ئیرادەو هاتنەمەیدانیانە بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان بەدەستی خۆیان، ئەم هێزو ئیرادەیەیە دەتوانێت چارەنوسی کۆمەڵگا بەبارێکدا بەرێت کەجیاوازە لەوەی کەبزوتنەوەی کوردایەتی و حیزبەکانی دەیانەوێ بەرەو شوێنێکی تری بەرن کەقازانج و بەرژەوەندی خۆیانی تێدایە هیچ پەیوندی بەخەڵکی کوردستانەوە نیە!، چارەنوسێك کەخەڵك دەیانەوێ دیاری بکەن زۆر لەوە جیاوازە کەئەحزابی بزوتنەوەی کوردایەتی گەمەی لەسەر دەکەن، لەبەر ئەوەی بەرژوەندیەك کەئەحزابی کوردی دەسەلاتدار هەیەتی هەمان بەرژوەندی نیە کەخەڵکی کوردستان هەیانە و خوازیارن لەژیانێکی باشتر، لەدژایەتی کردنی کۆنەپەرستی و یاساکانی دژی ژن و هەتا لەجیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، هەر ئەمەشە وای کردوە کەرێگە نادرێت ئەم هێزە بێتە مەیدان و ڕێگری بۆ دروستدەکرێت و سەرکوت دەکرێت.

کەواتە ڕێگای هاتنە مەیدانی خەڵك لەکوێدایە، ئایا بەتەوەهوم و کۆنترۆڵێك کەئەحزابی ناسیونالیزمی کورد ساحەی کوردستانیان داگیرکردوە، ئەمریکایان کردوە بەهێزی ڕزگاریکەر، خەڵکیان پاشەکشە پێکردوەو سەروەت و سامانی کۆمەڵگایان خستۆتە ژێردەستی خۆیانەوە ڕێگە بەخەڵك نادرێت بێنە مەیدان و خۆی چۆنی ئەوێت ئاوا چارەنوسی خۆی دیاری بکات، ئایا هیچ هێزێك لەمەیداندا هەیە لەپشت سەری خەڵکەوە بێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەرەو  جێگایەکی تر بەرن کەناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی نایانەوێت، ئایا جێگای خەڵکی کوردستان لای ئەحزابی کوردی چی یە؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر دەکرێ بەمێشکی هەر کەسێکدا بێت، وە ڕەنگە بەهۆی تەوەهوم و بێئیرادەییەك کەبەسەر خەڵکدا تەحمیل کراوە، هاتنە مەیدانی ئەم هیزە میلیۆنیە قورس و نادیدە بێتە بەرچاو، بەلام ئەوانەش بەشێکە لەو تێروانیەو سیاسەتەی کەسەپاندویانە بەسەر کۆمەڵگاداو دەکرێت هەمووی برەوێتەوەو خەڵك ڕزگار بێت لێیان.

سەرەتا ئاماژەیەك بۆ گەورەیی ئەو هێزە ملیۆنیەی خەڵك و جێگاو ڕێگای خەڵك و هێزو ئیرادەیان ترسی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لێی، زیاتر باسەکە لەجێگای خۆی دادەنێت. ئەوە ڕاستیەکە کە حیزبە ناسیونالیستە کوردەکان، چ لەماوەی 16 ساڵی دەسەلاتی شاریان، چ لەماوەی شاخیاندا، کۆنترۆڵی ساحەی سیاسیان بەجۆرێك کردوە نەك بەوەی کەهەر حیزبێك لەچوارچێوەی سیاسەت و بیرکردنەوەی ناسیونالیستی کوردو بەمشەخەصی یەکێتی وپارتیدا نەبێت ناتوانێت بەئاسانی جێگای بێتەوە، بەڵکو تەنیا بۆ یەکجاریش ڕێگایان بەخەڵکی کوردستان نەداوە کەنەك هێزی خۆیان بهێننە مەیدان و بیرلەچارەنوسی خۆیان بکەنەوە، وە ئەگەر خەڵك ئەم هێزەیان نیشاندابێت، هەتا بۆ خواستە ڕۆژانەییەکانیشیان هاتبنە مەیدان، ئەوا سەرکوت کراون و پاشەکشەیان پێکراوە، وە دەیان شتیان بۆ دروستکراوەو ناوزەدکراون بەوەی ئەوە دەستێك لەپشت ئەو کارەیانەوە هەیە، وەتا ساڵی 2003 کەڕژیمی بەعس مابوو، خەڵکیان بەوە دەمکوت و سەرکوت دەکرد کەڕژێمی بەعس لەودیو سنورەکانەوەیەو ئەگەر ئەوحیزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی نەبێت ئەوا صدام و هیزەکەی سنور دەبەزێنێت و دێتەوە کوردستان!، یان لەماوەی 16 ساڵی دەسەلاتیاندا خۆیان دەسەلات و حکومەت و پەرلەمانیان بەساوا ناودەبەن، بەلام لەولاوە دەولەتی ملیۆنێر و ملیادێرەکان دروست دەکەن و هەرکەس لەدەوری سیاسەتی ئەوان بخولیتەوەو بەرگری کویرانە لەوان بکات یان فایلدارو عەشایەرو شیخ و مەلا بن، خراوەتە لای سەرەوەو سەروەت و سامانی کۆمەڵگایان خستۆتە بەردەستیان و گەندەڵیان کردۆتە دیاردەیەکی سەرتاسەری لەکۆمەڵگادا، وە ئیستاش خەڵك بەوە دەترسێنن و سەرکوت دەکەن کەدەوڵەتێکی قەومی عەرەبی ئیسلامی کەخۆیان لەگەڵ دەستەوتاقمی ئینسانکوژی صدرو بەدرو مجلیسی ئەعلاو مالکیدا دروستیان کردوە، دان بەمافەکانی خەڵکی کوردستان و مادەی 140 دانانێن و خەڵکیان لەدەوری سیاسەتی فدراڵیزمی شکستخواردوی خویان تەهوەهوم پێکردوە ! ... ڕاستیەکەشی ئەوەیە کەخودی ئەو حیزبانە نایانەوێ خەڵکی کوردستان بێنە مەیدان، نایانەوێ خەڵکی کوردستان خۆی ڕێکبخات و هێزنیشانبدات بۆ چارەنوسی خۆی بەدستی خۆی دیارییبکات،

ئەگەر خەڵكی كوردستان بێتە مەیدان و هێزیان یەكبخەن، ئەوا دەسەلات و بەرژەوەندیەكانی ئەوان دەخاتە ژێر پرسیارەوەو ئەبێت بارەگاو بنكەكانیان بپێچەنەوەو كوردستان جێبهێڵن، لەبەر ئەوەی خەڵكی كوردستان نەكوردستان دەبەستنەوە بەعێراقێكی عەرەبی قەومی و ئیسلامیەوە، نەلەچوارچێوەی سیاسەتی ئەمریكا و دەوڵەتانی ناوچەكەدا خۆیان دەهێلنەوە، بەڵكو خەڵك دەست بۆ رێگا چارەی نیهایی لەجیابونەوەی كوردستان و پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەبات، كەبۆ هەمیشە لەكێشەی دەرەجەدوویی و یاریكردن بەچارەنوسی رزگاری ببێت.

بەكورتی هێزی خەڵك و بزوتنەوەكەیان بۆ ئەحزابی بزوتنەوەی كوردایەتی ئەوەندەیە، كەلەكاتی هەڵبژاردندا دەنگ بدەن بۆیان و بیانكەنەوە بەهێزی سەركوت بەسەر خۆیانەوە، یان خەڵكی كوردستان و ڕیزی ملیۆنیان ئەوەندەیە كە ئەوان ساتو سەودای پێوە بكەن لەهاوكێشە سیاسیەكانی ناوەچەكەو عێراقدا. بەلام هێز و ئیرادەی خەڵكی كوردستان لەوە زیاترە لەوە گەورەترو بڕیاردەرترە، خەڵك تەجروبەی هێزی خەڵكیان لەتەیموری شەریقی لەبەردەستدایە كەخواستی جیابونەوەیان سەپاند بەسەر ئەمریكا و یوئێن و كۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، خەڵك تەجروبەیەكی دەولەمەندی خۆیان هەیە لەڕاپەرینی ئازاری 91 و نارەزایەتیەكانی چەند ساڵی ڕابردودا بۆ خواستەكانیان و داسەپاندنی بەسەر ئەحزابی دەسەلاتدارادا، خەڵك تەجروبەی ئێستای هەیە بەدژی دەسەلاتداران و فەرهەنگێكی كۆنەپەرستی ناموسپەرستی كەبەسەركۆمەڵگادا سەپاندویانەو ژنی بەپێ بەردباران دەكرێت و هەموو حیزبەدەسەلاتدران و كۆنەپەرستانیان شەرمەزاركردوە كەنەتوانن هەڵویست دەرنەبڕن لەبەرامبەر ئەو كارە دژی ئینسانی و دژی خەڵكیەی لەكوردستاندا لەژێر حاكمیەتی ناسیونالیزمی كوردو حیزبەكانیدا دەگوزەرێ.

لەكوتایدا بڵێم هێزی خەڵكی كوردستان هێزی ملیۆنیە، هێزێكە كەلەدەرەوەی سیاسەت و بەرژەوەندیەكانی حیزبە ناسیونالیستیەكاندایەو ئەبێت خۆی لەتەوق و تەمومژو قازانجی حیزبایەتی و كورسیەكانی ئەوان ڕزگار بكات، ئەو هێزە هێزێكی شاراوەیەو ئەبێت دەركەوێت، ئەو هێزە ملیۆنیە هێزی كرێكاران و زەحمەتكێشانی كوردستانە كەدەتوانێت بەخۆسازدان و هاتنەمەیدانی چارەنوسی كۆمەڵگا و خۆشگوزەرانی بەرەو شوێنێكی تر بەرێت، خەڵكی كوردستان قازانجی لەوەدایە كەنەچێتە ناو شەرێك و سیناریۆیەكی رەشەوە كەلەعیراقدا ئەمریكا و هاوپەیمانانی بە ئەحزابی ناسیونالیستی كوردیشەوە بەوجودیان هێناوە، خەڵكی كوردستان دەتوانێت بڕیاردەربێت لەجیابونەوەی كوردستان و پێكهێنانی دەولەتی سەربەخۆدا.

لەو نێوەدا كۆمۆنیزمی كرێكاری و حیزبەكەی لەگەڵ ئەم هێزە ملیۆنیەی خەڵكدایە وە باوەڕی عەزیمی بەهێزی خەڵكی كوردستان هەیەو بەهێزی چارەنوسازی دەزانێت، كۆمۆنیزمی كرێكاری سازدانی هێزی خەڵك و هاتنەمەیدانی بەبڕیاردەر دەزانێت لەجیابونەوەی كوردستان و پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ رزگاركردنی خەڵكی كوردستان لەدەرەجە دوویی و سەركوت و كوشت و كوشتاری جارێكی كە بەناوی قەومیەوە، هەر ئەمەشە بڕیار دەدات لەدەركێشانی كوردستان لەسیناریۆیەكی ڕەش كەلەعێراقدا مەوجودە.

Dengekan